

**رۆژ هەڵەبجەیی**

**من تا سەر ئێسقان عاشقم بەڵام تا ئێستا ئەو ئەشقەی خۆم نەدۆزیوەتەوە**

## دیمانە لەگەڵ ڕۆژ هەڵەبجەیی

**ئامادەکردنی: گوڵان ئەحمەد**

ئەو کچێکی ڕووخۆش و ئێسک سووک و خۆش کەلامە و هەمیشە لەگەڵ شیعرەکانیدا دەژی و نەیوسیتووە یان بۆی نەچووەتە سەر لەگەڵ کەسێکی تردا جگە لە براکەی پێکەوە بژی ئەو لە هەڵەبجەی شەهید لە دایک بووە و هەر لەو شارەش خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردووە و ئێستەش مامۆستای کوردیە، هەمیشە بە تەنهایی دەژی و شیعر دەنوسێ، کاتێ بە بیری دێنیتەوە بەوەی کە گوتوتە: "من شوم بە شیعر کردووە"، ئەو دەڵێ: "ئەوە قسەیەکی کۆنە کردوومە، بەڵام منیش کچێکی گەنجم، مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، ناتوانێ بە تەنها بژی، من خۆم خانوو و ئابوری سەربەست و ژیانێکی جوانی خۆمم هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا من تا سەر ئێسقان عاشقم بەڵام تا ئێستا ئەو ئەشقەی خۆمم نەدۆزیەوەتەوە"، کاتێ پرسیاری لێدەکەیت چۆن خۆت دەناسێنیت بە گوێگرانی و خوێنەرانی شیعرەکانت ئەو بە متمانییەوە دەڵێ: "من لە منداڵییەوە شیعر دەنووسم بۆیە خەڵکێکی زۆر دەمناسێت، ئەوەی رۆژێ لە رۆژان شیعرێکی خوێندبێتەوە عەوداڵی منە و من دەناسێت، بۆیە پێویست بەوە ناکات من خۆم بناسێنم"، زیاتر دووا و گوتی: "ئەوەی شعری خۆش بوێ رۆژەش دەناسێ"، ئەو سەرەڕای ئەوەی لە ناوخۆی کوردستاندا هەوادارێکی هەیە لە دەرەوەی کوردستانیش گوێگرێکی باشی هەیە و سەرەڕای شیعریش نووسینی جیاجیای هەیە وەک خۆی ئاماژەی پێدا: "من لە زۆربەری رۆژنامەکان و سایتە ئەلیکترۆنەکانیش بابەتم هەیە، لە سایتی هەڵەبجە لاپەڕەیەکی تایبەتیم هەیە"، دیارە ئەمڕۆی کوردستان گەنجانێکی زۆر ڕوویان لە دونیای نووسینی شیعر کردووە، بۆیە لەم کاتەشدا شیعری باش و شیعری خراپیش دێنە دونیای شیعرەوە، هەروا زۆربەی چاودێرانی دونیای شیعریش پێیان وایە ئاراستەی شیعری کوردی بە ئاقارێکی نا تەندروستدا دەڕوا.

رۆژ هەڵەبجەیی چۆن دەڕوانێتە رەوتی شیعری کوردی لەم سەردەمەدا؟ ئەو گوتی: "منیش بە هەمان شێوەی خەڵکی رام لەگەڵ رای خەڵکدایە، ئەمڕۆ شیعر لە قەیرانێکی زۆر سەختدایە"، دیارە رۆژ هەڵەبجەیی هۆکارەکەشی گەڕاندەوە بۆ تەکنەلۆجیا هەروەک گوتی: "تەکنەلۆجیا بەو بارە سەقەتەی کە هاتووەتە ناومان ئێمە، تەکنەلۆجیا ئیتر مۆبایل بێ ئەنتەرێت بێ سەتەلایت بێ... ئەمانە هەمووی

شیعریان بەرە و کاڵبوونەوە بردووە"، بەڵام ڕۆژە لەگەڵ ئەمەشدا نائومێد نەبووە و دەڵێ: "لە هەمانکاتیشدا پێموایە شیعر شتێکی ڕۆحییە، ڕاستە هەندێک جار بەرەو ئاقاری کاڵبوونەوە دەڕوات، بەڵام تا ئێستاش جەوهەری خۆی لە دەست نەداوە، جونکە وەک گوتم شیعر سەر بە ڕۆحە سەر بە مادده نییە، سەر بە مەنتق نییە، ئەوەی بڵێی مەنتق و لۆژیک بەلای شیعردا ناڕوات، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا من پێموایە تا مرۆڤێک بمێنێ شیعریش هەر دەمێنێ".

ڕۆژ هەڵەبجەیی بۆ زیاتر ڕازاندنەوەی دونیای شیعر وتی: "قسەیەکی مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێویشم زۆر پێ جوانە کە دەڵێ: (تا خانووە قوڕەکانی خەبات بمێنێ شیعریش هەر دەمێنێ)"، ئەو زیاتر درێژەی بە مانەوەی شیعر لە ناو میللەتدا داو وتی: "هەموومان ئەوە دەزانین کە فەرەنسا کانگەی بەرەوپێشچونی هەموو بوارەکانە بۆ هەموو ئەوروپا لەوێ ماهیەتی شیعر ماوە ئیتر چۆن لەناو ئێمەدا شیعر ماهیەتی لە دەست دەدا"، ڕۆژ هەڵەبجەیی هەموو بابەتەکانی تری نووسینی وەک ڕۆمان پەخشان هەر نووسینێکی تر بە قەرزاری زمانی شیعر دەزانێ و دەڵێ: "ئێمە هەمویشە قەرزاری زمانی شیعرین، ئەگەر ڕۆمان بنووسین دیسان پێویستمان بە زمانی شیعر دەبێت، ئەوەتا بەختیار عەلی بە زۆری لە ڕۆمانەکانیدا شیعری بەکار هێناوە، بۆیە ئەو ڕۆمانانەی ئەوەندە جوانە، نەک هەر ڕۆمان بەڵکو کورتە چیرۆک، نۆڤلێت...هتد پێموایە ئەگەر زمانی نووسینەکەی زمانی شیعر نەبێت ماهیەتی نییە، لەگەڵ ئەمانەشدا هەموومان قەرزاری شیعرین کەچی تانەش لە شیعر دەدەین، سەیری ئەم هاوکێشە نا عادیلە، ئەمە دەگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی کە هەمیشە دەخوازرێت غەدرێک بەرامبەر بە شیعر بکرێ"، ئەو پێی وایە هەرچی ئیمپراتۆریەت و تۆتالیتاریەکان هیچیان نەماون ئەوەی کە ماوەتەوە تەنها شیعر و شاعیرانن کە ماونەتەوە، وەک وتی: "کوا ئیمپراتۆریەتەکان؟ کوا تۆتالیتاریەکان؟ کوان ڕژێمە سەرکوتکەراکان؟ هەمویان ڕۆشتن، نەمان بەڵام هەرگیزا و هەرگیز شیعرێکی جوان لەناو ناچێ، دەقێکی زیندوو هەمیشە بوونی خۆی دەسەلمێنێت"، ئەمڕۆکە شیعریش وەک کاڵایەکی بازرگانی پێوەکردنی لێهاتووە و دروست بوونی (مۆبایلە شیعر)، ڕۆژ هەڵەبجەیی چۆن لەو جۆرە شیعرانە دەڕوانێت؟، "من ڕێزم هەیە بۆ ئەوە کەسانەی شیعری مۆبایلە شیعر دەنووسن، بەڵام دەڵێم ئەوان غەدر لە شیعر دەکەن".

ڕۆژ هەڵەبجەیی هێندەی خۆی بەرهەمە شیعریەکانیشی خۆش دەوێ و هەرگیز ئامادەی دەست بەرداربوونی تەنها شیعرێکیشی نییە.